ئیسرائیل ... سەرنجمان بە غەززە دەگەڕێنینەوە بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی حەماس



سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئیسرائیل جەختیکردەوە، هێشتا هەرەشەکان دژی ئێران کۆتایی نەهاتووە و لە ئێستادا سەرنجیان بۆ سەر غەززە دەگەڕێننەوە.

ئیال زەمیر، سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئیسرائیل ئەمڕۆ سێشەممە لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، لە ئێستادا سەرنجمان بۆ سەر غەززە دەگەڕێنینەوە، بەمەبەستی "گەڕاندنەوەی بارمتەکان و هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی حەماس".

ئاماژەی بەوەشکرد، گەیشتونەتە کۆتایی لاپەڕەیەکی گرنگ، بەڵام هێشتا هەرەشەکان بۆ سەر ئێران کۆتایی نەهاتووە. بەڵام پڕۆژەی ئەتۆمی ئێرانیان بۆ چەند ساڵێك دواخستووە و زیان بە پڕۆژە موشەکییەکەشی گەیشتووە.